# گەلی رۆژی

Rojî Gel

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە،
حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات،
ژمارە نۆبەرەی لە ١ - ٧ - ٢٠٠٠ دەرچووە

**ژمارە (٢١٦) یەکشەممە ١٤-٩-٢٠٠٨**

## HRW:لە ٥ وڵاتدا منداڵ دەکوژرێن

**هیومەن رایتس ۆوچ** لە دواین راپۆرتی خۆیدا کە لە ١٠ی ئەیلولدا بڵاو بۆتەوە، جەخت دەکاتەوە کە عەرەبستانی سعودی، سودان، یەمەن، پاکستان و ئێران سزای مردن بەسەر منداڵان جێبەجێ دەکەن.

چاودێری مافی مرۆڤ لە راپۆرتێکی ٢٠ لاپەڕەییدا بە بەڵگەوە دەیسەلمێنێ کە لە پێنج وڵاتدا سزای مەرگ بەسەر تاوانبارانی ژێر هەژدە ساڵی جێبەجێ دەکەن، دەخوازێ رابوەستێ.

ل 3 بەرلەوەی دیکتاتۆریەت بمانهاڕێتەوە، با بانگی سەربەخۆیی بدەین

ل 5 لەنێوان هیوا و متمانەدا



ل 6 رۆڵی ژن لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەدا



ل 7 فەرید زەکەریا چ خزمەتێک بە کورد دەکات؟



# تیرۆر برەوی پێدەدرێ و کوشتنی کوردیش بەرەو بەرزبوونەوە دەچێ

کاتژمێر ٩،٢٠ ی دوێنێ شەممە ١٣-٩-٢٠٠٨ مینێکی چێنراو لە پازدە کیلۆمەتری شاری خانەقیندا، بە کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی لیوای ٣٤ی گەرمیانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەتەقێتەوە، لە ئاکامدا ٩ پێشمەرگە شەهید بوون و سێی دیکەش بە سەختی بریندار بوون.

لەلایەکی دیکەشەوە، کاتژمێر ٩:٤٥ ی دوێنێ، لە گەڕەکی یەکی ئازاری شاری کەرکوکدا چەند چەکدارێک هەڵدەکوتنە سەر نوسینگەیکی کڕین و فرۆشتنی زەوی و زار، خاوەنی نووسینگەکە کە کوردێکی کاکەیی دەبێ بە ناوی(ف.ک)دەکوژن. لەلایەکی دیکەشەوە رۆژی ١١-٩-٢٠٠٨ چەند کەسێکی نەناسراو ٥ کوردی یەک خێزانی دانیشتووی شاری سەعدیەیان کوشتبوو، لەسەر ریگەی بەغداد – کەرکوک چەند شۆفیرێکی کورد رفێندرابوون و تا ئێستاش چارەنوسیان دیار نیە. رۆژی ٩ی ئەیلولیش بەهۆی تەقینەوەیەکەوە کوردێک لە داقوق گیانی لە دەست دابوو.

هەر بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ کوردەکانی پارێزگای موسڵ و کەرکوک و دیالە لەژێر هەڕەشەدان و لەنێو ترس و تۆقاندن دا دەگوزەرێنن.

بەگوێرەی سەرژمێریکردنی ئەو هەواڵانەی کە رۆژنامەکان بڵاویان دەکەنەوە، ئێستا ژمارەی کوشتنی کورد لە عێراق لە بەرزبوونەوەدایە، ئەگەر بە ژمارەی کوشتنی کورد لەکاتی سەردەمی بەعس بەراورد بکرێ، دەردەکەوێ کە ئێستا زیاتر کورد دەکوژرێن. هەرچەندە کە ئێستا کوشتنی کورد دەخرێتە ئەستۆی گروپە توندرۆکانی عەرەب، بەڵام دیسانیشەوە کوژرانی ئەو ژمارە زۆرەی کوردان بەڵگەیەکە کە پێکەوە ژیان لەگەڵ عەرەبی عێراق جگە لە فریودان هیچ ئاکامێکی دیکەی لێ وەبەرهەم نایەت.

## عێراق و ئێران پەیماننامەی ١٩٧٥ زیندوو دەکەنەوە

وتەبێژێک بەناوی باڵیۆزخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەشاری بەغداد بە رۆژنامەوانانی راگەیاند کە حکومەتی بەغداد و تاران بۆ دیاریکردنی سنووری نێوانیان بۆ رێککەوتنامەی ساڵی ١٩٧٥ دەگەڕێنەوە.

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کە رۆژی هەینی لە بەغدادی پێتەختی عێراق بەرێوەچوو، **منۆچەهری تەسلیمی** وتەبێژی باڵیۆزخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراق رایگەیاند کە شاندی ئەم دواییەی عێراق کە سەردانی تارانی کردووە، لەگەڵ بەرپرسانی وڵاتەکەی کۆبۆتەوە، هەردوولا لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە بۆ دیاریکردنی سنووری نێوانیان رێککەوتنامەی جەزائیر زیندووبکەنەوە کە لە ساڵی ١٩٧٥ لەنێوان سەدام حوسێن و شای ئێران دا مۆرکراوە، ئەمەشی بە باشترین چارەسەر بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەو گرفتی سنووری نێوان هەردوو وڵات لێکدایەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە بەپێی رێککەوتنامەی جەزائیر هەردوولا هاوکاری و داڵدەی نەیارانی بەرانبەرەکەیان نادەن، ئەمەش واتای ئەوەیە کە شوێنی موجاهیدین خەڵقی ئێران لەنێو خاکی عێراق دا نابێتەوە کە ماوەیەکە مشتومڕی لەسەر دەکرێ، بەڵام نازاندرێ کە سەبارەت بە هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێستا لە باشووری کوردستان دەژین چ بریارێک دەدرێ!

## مالکی رەخنەی لە پۆل بریمەر دەگرێ

نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا کە رۆژی شەممە ١٣-٩-٢٠٠٨بڵاوکراوەتەوە، رەخنەی توندی لە پۆل بریمەر حاکمی مەدەنی گرتووە کە دوای رووخانی سەدام جڵەوی دەستەڵاتی پێسپێردراوە.

نوری مالکی جەختی کردۆتەوە کە مەترسی ئەو هەڵانەی کە پۆل بریمەر کردوویەتی هیچیان کەمتر نیە لەو کارانەی کە تیرۆریستەکان دژ بە عێراق ئەنجامیان داوە، بەوهۆیەشەوە تا ئێستا حکومەتی عێراق بە دەستیانەوە دەناڵێنێ.

لەبەیاننامەکەدا نوری مالکی دووپات دەکاتەوە کە ئەوان هەوڵی شێلگیرانەیان بۆ بنیاتنانەوەی وێستگەی وزەی کارەباو باقی خزمەتگوزاریەکانی دیکە داوە، بەڵام بەهۆی ئەو خراپەکاریانەی کە لەرابردوودا کراون، ئەرکەکانی حکومەت گران و سەختر بۆتەوە!!

لەبەیاننامەکەدا نوری مالکی ئاماژەی بە کردنەوەی رێگەی نێوان بەغداد و شارەکانی دیکەی داوەو ئەمەی بە سەرکەوتنێکی گەورە لەقەڵەم داوە.

لە پێوەند بەو بەیانەی نوری مالکی، چاودێران پێیانوایە کە حکومەتی عێراق لە قەیرانێکی قوڵ دا دەژێ، توانای بەرێوەبردنی لەدەست داوە، وێڕای ئەوەی کە کارە توندو تیژیەکان لەکورتی داوە، بەڵام دیسانیشەوە کۆسپ و ئاستەنگی گەورە لەبەردەم بەغداد ماونەتەوەو چارەسەرکردنیان ئاسان نیە، بەتایبەتیش کە ئێستا ناحەزی و دوژمنایەتی تەواو لەگەڵ هەرێمی کوردستان و لیستی هاوپەیمانی کوردستان پێشان دەدات.

هەر لەم بارەیەوە سەرچاوەیەک لە حزبی رزگاریی کوردستانەوە بە هەفتەنامەی رۆژی گەلی راگەیاند کە نوری مالکی لە خۆبایی بووەو هەست بە سەرکەوتن دەکات و دەیەوێ تەواوی دەستەڵاتەکان لە دەستی خۆیدا کۆبکاتەوە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە بەرەو دیکتاتۆریەت دەڕوات، بۆیە باشتر وایە کە لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە کابینەکەی بکشێتەوەو هەرەسی پێبنێ.

راستیەکەی رەفتارەکانی ئەم دواییانەی مالکی زۆربەی پێکهاتەکانی عێراقی نیگەران کردووە، بەوهۆیەشەوە ئەگەری خۆڕاگرتنی کەم بۆتەوەو خەڵک چاوەڕوانی روخانی دەکەن.

## گەریلاکانی پەکەکە ١٧ سەربازی تورک دەکوژن

بەگوێرەی راگەیاندراوێکی هێزی پاراستنی گەل، باڵی سەربازی پارتی کرێکارانی کوردستان کە لەم رۆژانەدا بڵاو کراوەتەوە، ئاماژە بە کوژرانی ١٧ سەربازی تورک دەکات.

ناوەندی راگەیاندنی لە داخۆیانێکدا ئاشکرای کردووە کە لە شەڕەکانی رۆژانی ٧ و ٨ی ئەیلول کە لە ناوچەی کاتۆ و شەمزینان روویانداوە حەڤدە سەربازی سوپای تورکیا کوژران. بەگوێرەی راگەیاندراوەکە ل چالاکییەکدا کە رۆژی ٧ی ئەیلول لە ناوچەی کاتۆی ئەنجام دراوە سێ سەرباز کوژراون و پێنجی دیکەش برینداربوونە، لە چالاکێکی دیکەدا کە ٨ی ئەیلول روویداوە، هەشت سەرباز کوژراون و حەوتی دیکەش برایندارbوونە، هەروەها لە چالاکییێکدا کە لە رۆژی ٧ی ئەیلول لە ناوچەی شەمزینان روویداوە، شەش سەرباز و سێ جەردەوان کوژران، بەڵام ئاماژە بە زیانی گەریلا نەکراوە

## کەمپی زاوێتە لە نیگەرانیدا دەژی

سەرچاوەیەک بە هەفتەنامەی **رۆژی گەلی** راگەیاند کەکەمپی زاوێتەی نزیک دهۆک لە ساڵی ٢٠٠٠وە دروست کراوەو دانیشتوانەکەی هەزار کەسێک دەبێ و هەموشیان ئەوانەن کە ریزەکانی پەکەکەیان جێهێشتووە، ئێستا لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێدا دەژین و لە رەوشێکی خراپدان، ئەوانەی کەسێک پشتگیریان بکات، دەتوانن کەمپەکە جێ بهێڵن و بۆخۆیان کارێک ئاسایی بدۆزنەوە، بەڵام ئەوانی دیکە ناچارن هەموو جۆرە کارێک پەسند بکەن.

## رەوتی سەدر لە هەمبەر داخوازی کوردان نیگەرانی پێشان دەدات

دوێنێ شەممە، ١٣ی ئەیلول **شێخ سەلاح ئەلعوبەیدی** وتەبێژی رەوتی سەدر کە موقتەدا سەدر رێبەرایەتی دەکات و سوپای مەهدی لە پشتی خۆی دەبینێ، رامانی خۆی سەبارەت بە داخوازی پەرلەمانی کوردستان بۆ نەفرۆشتنی فڕۆکەی جەنگی و چەک بە عێراق دیارکردو گوتی:' نارەزایی کورد لەسەر پڕچەکردنی سوپای عێراق بە بێ متمانەیی بە گاوپشکی لێکدەدرێتەوە و لەبەرژەوەندی سوپای داگیرکەر دایە.

وتەبێژی رەوتی سەدر رەخنەی لە داواکەی پەرلەمانی کوردستان گرت و رایگەیاند: 'پڕچەک نەکردنی سوپای عێراق بۆ گەیشتن بە قۆناغی متمانە بەخۆکردن، واتای مانەوەی سوپای داگیرکەر بۆ کاتێکی درێژ لە عێراق دەگەیەنێ، ئەم داوایەی کورد رازیمان ناکات'

جێگەی ئاماژەیە کە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا بە کۆنگرێسی وڵاتەکەی راگەیاندبوو کە عێراق بە نیازە بای ٩ ملیار دۆلار فڕۆکە و پێداویستی سەربازی لە ئەمریکا بکڕێ، ئەمەش کوردستانیانی نیگەران کردبوو، بەوهۆیەشەوە پەرلەمانی کوردستان لە وڵاتانی خواستبوو کە فڕۆکەی جەنگی بە بێ مەرج بە عێراق نەفرۆشن، نەوەک لە دژی کورد بەکاری بهێنێ.



## رۆژەڤ

ماوەیەکە حکومەتی عێراق بۆ بەرفراوانکردنی دەستەڵاتەکەی تێدەکۆشێ و بەدوای دۆزینەوەی بیانۆدا دەگەڕێ ، بەوهۆیەشەوە هەرجارەی سیناریۆیێک بەرێوە دەبات. کاتێک لە یاری کات کوشتن و خاپاندن لەهەمبەر ماددەی ١٤٠ و کێشەی ناوچە دابڕاوەکانی دیکە هەستی بە بردنەوە کرد و پێیوابوو بە فەرامۆشی دەسپێردرێ، ئیدی سیناریۆی ماددەی ٢٤ و رەوانەکردنی هێزەکانی بۆ پارێزگای دیالەو شاری خانەقین هێنایە گۆڕێ. ئێستا کە دانیشتووانی شاری خانەقین و هێزی پێشمەرگەی کوردستان قایم راوەستاون وهەوڵی پوچەڵکردنەوەی پیلانەکانی دەدەن، دەبێ جارێکی دیکە کوردستانیان و هێزە سیاسیەکانی لەخۆیان بپرسن: 'ئایا حکومەتی عێراق بە پشتیوانی کام هێزو کام دەوڵەت هەوڵی کۆنترۆڵکردنەوەی کوردستان دەدات؟! ئایا کابینەی نوری مالکی، بە رێککەوتنی نێوان لیستە جیاوازەکان پێکنەهێنراوە؟!

هەڵبەت ئاشکرایە کە حکومەتی عێراق ئیئتیلافیەو بەرهەمی رێککەوتنی نێوان چەندین لیستی جیاوازە، بەوهۆیەشەوە ئەگەر لیستێک یان لایەنێک متمانەی خۆی لێ وەربگریتەوە، بەرەو هەڵوەشانەوە دەڕوات و کۆتا دەبێ، ئەگەر ئەم چەمکە راست بێ و شیمانەی لێسەندنەوەی متمانە لە ئارادا هەبێ، ئەی بۆچی نوری مالکی سەرۆکوەزیرانی حکومەتی عێراق لاملی و کەللەرەقی لەبەرانبەر لیست و هێزە پێکهێنەرەکانی کابینەکەی دەکات؟! خۆ ناشکرێ سەربردەی ئیبراهیم جەعفەری لەبیرکردبێ؟!

باوەڕ ناکرێ کە نوری مالکی ئاگای لەو راستیانە نەبێ و نەزانێ کە کابینەکەی بە لێسەندنەوەی متمانەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان هەڵدەوەشێتەوە! گریمانی ئەوەش ناکرێ کە خۆی لێگۆڕابێ و کاودانی عێراق و رۆژهەڵاتی ناڤین و جیهانی لەبیر چووبێتەوە!

لیستی هاوپەیمانی کوردستان هێشتا کارتی راوەستاندنی مالکی لەدەست دایە، بەڵام نازاندرێ کەی و چۆن بەکاری دەهێنێ؟! کاتی خۆی لیستی هاوپەیمانی کوردستان کارتی سووری بە ئیبراهیم جەعفەری داو لە گۆڕەپانەکە وەدەری نا، ئەی باشە کەی ئەو کارتە سوورە بە رووی مالکی دا بەرز دەکاتەوە؟!

باوەڕی واشنگتن بە نوری مالکی لە کورتی داوە،خۆیشی باش دەزانێ کە بە پشتیوانی کورد لە سەرپێ راوەستاوە، جا ئەگەر هاوپەیمانی کوردستانیش لێی رابخورێ، ئیدی کابینەکەی دەکەوێ و بە سەرشۆڕی و بی یاوەری بەرەو ماڵەوە رەوانە دەکرێتەوە. ئێمەی کوردستانی کە دەمانەوێ کش لە مالکی بکرێ، نازانین کەی سەرکردایەتی کوردستان داشەکە دەجولێنی و نوری مالکی رادەوەستێنێ!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com